# سدیقساڵح:

## لە قۆناغی گۆڤاری گەلاوێژدا چیرۆکی کوردی، لە گەشاوەترین سەردەمی خۆیدا بووە

باران

سازدانی: شاخەوان سدیق



**برایم ئەحمەد یەکێکە لە ئەستێرە دەوشاوەکانی ناو دونیای ڕۆژنامەگەری کوردی، کە ساڵانێك سەرمەشق و داهێنەری برەودانبووە بەم بوارە، ئەو جگە لە هەردوو گۆڤاری (یادگاری لاوان) و (دیاری لاوان) سەرنوسەری گۆڤاری (گەلاوێژ)بووە، کە لە سەردەمی خۆیدا بایەخ و گرنگیەکی ئیجگار زۆری هەبووە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕۆڵی برایم ئەحمەد لەم بوارەدا، ئەم دیدارەمان لەگەڵ نوسەرو ڕۆژنامەنوس و لێکۆڵەر(سدیق ساڵح) دا ئەنجامدا.**




**سەرەتای کاری ڕۆژنامەنوسی (ئیبرایم ئەحمەد) دەگەڕێتەوە بۆکەی و لەکام ڕۆژنامەوە دەستپێدەکات؟**

- سەرەتای کاری ڕۆژنامەنووسیی برایم ئەحمەد، لە هەردوو تاکە ژمارەی گۆڤاری (یادگاری لاوان) و (دیاری لاوان)ەوە دەستی پێ کردووە، کە سەردەمێك خوێندکاری کۆلیجی حقووق بووە لە بەغدا، خۆی سەرپەرشتیی دەرچوونی کردوون. ئەم دوو گۆڤارە، کۆمەڵێك بابەتی داهێنەرانەی ئەو لاوانەی تێدا جێکراوەتەوە، کە بۆ کاتی خۆی گرنگ و بەرزبوون و تێیاندایە هێشتا ڕەونەقی خۆی لە دەستنەداوە. لەپاڵ ئەوەدا، مامۆستا برایم هاوزەمان لە ڕۆژنامەی ‹ژیان›دا نووسیویە و (پیرەمێرد) ناوی خواستراوی ‹نیقابداری سیاپۆش›ی بۆ داناوە و نوسینەکانیی بە بەرزی هەڵسەنگاندووە.

*** مامۆستا برایم ئەحمەد بە چ مەبەستێك ڕوی کردۆتە کاری ڕۆژنامەنوسی و بۆچی زۆر گرنگی بەو بوارە داوە؟**

- برایم ئەحمەد پەیامی وەچەی یەکەمی ڕۆشنبیرانی کوردی هەڵگرتووە، کە پێیوابووە کوردەواری -بەر لە هەر شتێك- پێویستی بە بووژاندنەوەیەی مادی (ئابوری) و مەعنەوی (کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و دواجار سیاسی) یە و ئەم گەلە -بەگشتی- نەخوێندەوار و برسی و دواکەوتووە، دەبێ بەرچاوی ڕۆشنبکرێتەوە و بیووژێنرێتەوە و وڵاتەکەی گەشەی پێبدرێ. ئەو سەردەمە دەرفەت بە کاری سیاسیی ئاشکرای کورد نەدراوە، بۆیە مونەووەران هەوڵیانداوە لە چوارچێوەی خەباتێکی شارستانیدا کاربکەن و چالاکی بنوێنن. برایم ئەحمەد، لەناو هەموو ئەو کارانەدا، لەپاڵ خەباتی سیاسیی نهێنیی ناو کۆمەڵەی (ژ. ك)دا لە ساڵی 1944ەوە، خولیای دەرکردنی گۆڤاری بووە، بە چاولێکەریی گۆڤارەکانی بیانیی وەك ‹هیلال›، ‹ڕیدەرز دایجیست› و ‹موختار›، کە خوێندەوارانی سەردەمەکە سەرسامیان بوون و

بەدوویاندا دەچوون، لەبەرئەوەیش کە دەبوو - بەپێی قانوونی چاپەمەنی- خاوەندی گۆڤار یان ڕۆژنامە گەواهینامەی حقووقی هەبێ، چووەتە ئەو ڕشتەیەی خوێندن. ڕۆژنامەنووسی، بۆ ئەو دەمە گرنگ بووە، چونکە لەو ڕێیەوە توانراوە پەیامەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بگەیێندرێن بە خەڵك و بنەماکانی کولتووری مەدەنییەت و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێك ئەرکی دیکە بەجێبهێنرێن و ژمارەیەکی زۆی خوێندەوار لە دەوری پەیامێك کۆبکرێتەوە.

*** گۆڤاری گەلاوێژ وەك وێستگەیەکی گرنگی ناو دونیای ڕۆشنبیری ئێمە لەو سەردەمەدا گرنگی چیی بووە؟ ئەم گۆڤارە بۆ گرنگ بووە لەو قۆناغەدا؟**

- گۆڤاری گەلاوێژ، وەك نەوشیروان مستەفا لە کتێبی ‹چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی›دا خستویەتییەروو، قوتابخانەیەکی مێژوویی ڕۆژنامەوانیمانە و ڕاست توانیویەتی بە 10 ساڵی بێ پسانەوە، هەم بیێتە پانتاییەکی شیاو بۆ گەلێ نوسەری گەورە، تا وتاری زانستیی گرنگی تێدا بنوسن، هەم خوێندەواران بە شەوقەوە دوای بکەون. ئەم گۆڤارە کوردی پارچەی باکور نەبێ، کە ئەوسا لە سایەی ڕژێمێکی ستەمکاردا دەژیا و هەلی بەشداریی تێدا نەبووە، کوردی پارچەکانی دیکە تێیاندا نووسیوە و بەو پێیە گەیشتووەتە ئەو ناوچانە و هەموو لەهجەکانی کوردیی تێدا تاقیکراوەتەوە. گەلاوێژ، نەخشی بەرچاوی لە خزمەت و بژار و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا بووە و ئەدەبیاتی کۆن و تازەی کوردیی تێدا بووژاوەتەوە و پەرەیسەندووە، بە تایبەت شیعر و چیرۆك، کە لەهەموو ژمارەیەکدا گۆشەی تایبەتیان بووە. ئەمە جگە لەوەی کە وەرگێران، وەك لقێکی گرنگی دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریی کوردی، بایەخێکی لەڕادەبەدەری پێدراوە و بابەتەکانی زانستی، پزیشکی، فیکری، فەلسەفەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ... لە زمانانی بێگانەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە لایان لێ کراوەتەوە و گۆڤارەکەیان پێ ڕازێندراوەتەوە.

بە کورتی، گەلاوێژ ئارەزووی هەموو جۆرە خوێندەوارێکی بەدیهێناوە و نائومێدی نەکردوون.

*** گۆڤاری گەلاوێژ بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد واتای چی دەگەیاند؟ ڕۆڵی ئەو گۆڤارە بۆ ئەو سەردەمەی ڕۆشنبیری کورد چی بوو؟**

- برایم ئەحمەد، بە حوکمی ئەوەی خاوەندئیمتیازی گۆڤارەکە بووە، دەوری هەرە سەرەکیی دیوە، چونکە مان و نەمانی گۆڤارەکە بەوەوە بەندبووە. ئەوەتا کە ساڵی 1949 گیراوە و دوو ساڵ زیندانی بۆ بڕدراوەتەوە، گەلاوێژ وەستاوە. خۆی، هەم بیرۆکەی بەرجەستەکردنی ئەو هەمەڕەنگییەی بابەتەکانی گۆڤارەکەی هەبووە و بەجێیهێناوە، هەم جاروبار وتار و شیعر و چیرۆك و وەرگێرانی بڵاوکردووەتەوە. زۆرترین نووسینی ئەو، وەرگێرانە، کە لە زۆربەی کاتدا ناوی خۆیی لێ نەداوە و نوسینەکانی دیکەیشی هەرچەندە بە ژمارە کەمن، بەڵام لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبیدان. سەرەڕای ئەوە، خۆی وەك بەرپرسی یەکەم، سیاسەتی گۆڤارەکەی داڕشتووە و هەوڵیداوە کارێك نەکات بەهانەی پێ بگیرێ. ناکرێ لەگەڵ ناوهێنانی ئەو، ناوی عەبدولقادر قەزاز و فایەق هۆشیار لە بیر بکەین، کە لە یەك دوو ساڵی هەووەڵدا، هاوکارێکی خۆبەخشی گۆڤارەکە بوون و کاروباری چاپ و نووسینییان لە بەغدا بەڕێوەبردووە. سەرباری عەلی کەمال بەگ، کە لەو قاتوقڕییەی ڕۆژگاری دووەم جەنگی جیهانی دا خەرجیی کێشاوە و نەیهێشتووە پەکی بکەوێ و بوەستێ.

***لە گۆڤاری گەلاوێژدا بۆ یەکەمجار چیرۆکی کوردی بڵاوکراوەتەوە، دەتوانین باس لە خاڵەتایبەتمەندیەکانی ئەو گۆڤارەبکەین؟ کارەگرنگەکانی گەلاوێژ چین بە بەراورد بڵاوکراوەکانی پێشخۆی؟**



برایم ئەحمەد

- کارێکی هەرە گرنگی گەلاوێژ بایەخدانی بووە بە چیرۆك، وەك لایەنێکی ئەدەبیی تازەبابەت. بەهرەیەکی برایم ئەحمەد چیرۆکنووسین بووە. لە لایەکەوە، خۆی چیرۆکی خۆماڵیی نوسیوە و لە لایەکی دیکەوە، چیرۆکی بێگانەیشی وەرگێڕاوە. گۆڤارەکە، چونکە مانگانە و بە درێژاییی ساڵ دەرچووە و هەموو ژمارەیەکیش گۆشەی (چیرۆکی ئەم مانگانە)ی هەبووە، توانیویە خزمەتێکی گەورەی هونەری چیرۆکنووسین بکات و کارێك بکات چیرۆکنووس و نوسەری کورد لە ڕێی وەرگێڕانەوە، کەڵك لە ئەزموونی چیرۆکنووسیی گەلانی دنیا وەربگرن. چیرۆکی کوردی، لە قۆناغی گۆڤاری گەلاوێژدا، لە گەشاوەترین سەردەمی خۆیدا بووە.

*** دەڵێن یەکەمجار لە گۆڤاری گەلاوێژدا، بواردراوە ڕەخنە دەربارەی بەرهەمە کوردیەکان بڵاوبکرێتەوە، ئەوە جگە لەبڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەش، ئەتوانرێت ئەمە بە خاڵی جیاکەرەوەی گەلاوێژ دابنرێت؟**

- گەلاوێژ بە هەمان شێوە دەرەتانێکی لەباری ڕەخساند بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی کوردی. هەم لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی محەمەد ئەمین زەکی بەگ و هەم لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی تۆفیق وەهبی بەگ، دوو نموونەی بەرچاوی لێکۆڵینەوەی ڕەسەنی کوردین. لەپاڵ ئەم دوو ناوەیشدا، کەسانێکی دیکە هەن لەم مەیدانەدا نووسیویانە. گەلاوێژ دیسان دەرگای بۆ ڕەخنەی -بە تایبەت- ئەدەبی کردەوە. وەك دەبینرێ، ئەدیبان بە وردی ڕوانیویانەتە بابەتەکان و لە کاتی پێویستدا ڕەخنەیان لە یەکتری گرتووە. دیارە ڕەخنە لەو سەرەتایەی مێژووی ڕەخنەی کوردیدا، تا ڕادەیەك سادە و کرچوکاڵ بووە و لە پلەیەکی گونجاوی ئەدەبیدا نەبووە.

**برایم ئەحمەد، بە حوکمی ئەوەی خاوەندئیمتیازی گۆڤارەکە بووە، دەوری هەرە سەرەکیی دیوە، چونکە مان و نەمانی گۆڤارەکە بەوەوە بەندبووە. ئەوەتا کە ساڵی 1949 گیراوە و دوو ساڵ زیندانی بۆ بڕدراوەتەوە، گەلاوێژ وەستاوە. خۆی، هەم بیرۆکەی بەرجەستەکردنی ئەو هەمەڕەنگییەی بابەتەکانی گۆڤارەکەی هەبووە و بەجێیهێناوە، هەم جاروبار وتار و شیعر و چیرۆك و وەرگێڕانی بڵاوکردووەتەوە**



**برایم ئەحمەد**

*** وەك باس دەكرێت لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە چەند نوسەرێكی گرنگ و دیاردەركەوتن و دەرفتیان بۆ هاتۆتە پێش و لە گۆڤارەكەوە زیاتر بابەتەكانیان بخەنەڕوو، ئەو نوسەرانە كامانەبوون؟**

- نوسەر و كارگەرێكی دیكەی گەلاوێژ، كە لە دووەم ساڵی گۆڤارەكەوە هاتە پێشەوە، سەرەتا بۆ سەرۆكاریی كاروباری چاپ ، پاشان وەك سەرۆكی نووسین، مامۆستا عەلادین سەجادی بوو. ئەم پیاوە لە دەرگای گەلاوێژەوە هاتە ناو دنیای ڕۆشنبیریی كوردی ، پاشان خزمەتێكی شایانی كرد و بوو بە خاوەنی ئەو هەموو بەرهەمە ناوازەیە. گەلاوێژ، لەپاڵ ناوە ڕاستەقینە ناسراوەكاندا، ژمارەیەكی زۆر ناوی ڕەمزیی تێدایە، كە ڕەنگە یا هیی هەمان ئەو نووسەرانە، یان كەسانی دیكەبن. برایم ئەحمەد و سەجادیش پێبەپێ وەك دوو كەسی خاوەندی گۆڤارەكە، كۆمەڵێك بابەتیان نووسیوە و ئامادەكردووە و وەرگێڕاوە، ناوی كەسیان بە سەرەوە نییە. ئەم كارە زیاتر لەوانە دەوەشێتەوە، كە خۆیان خاوەندی گۆڤار، یان ڕۆژنامەن. شتی وا پێشتر و پاشتریش هەبووە، بۆیە پتر ڕێیتێدەچێ ئەوان خۆیان خاوەندیان بن. خوێندەواری بەسەلیقەیش دەتوانێ نووسینی هەر یەكەیان جوێ بكاتەوە.

خاڵێك كە شایستەی ئاماژەبۆكردنە، ئەوەیە كە ڕۆشنبیر و خوێندەواری كورد، لە چین و توێژ و ئاستی كۆمەڵایەتیی جیاجیادا، وەك ئەندازیار، مامۆستا، قوتابی، كاسبكار، پارێزەر ... هەر یەكە لە بواری تایبەتمەندیی خۆیەوە هەوڵیداوە بە نووسین بەشداری لە گەلاوێژدا بكات. زۆری ئەوانە هەر بە خۆشەویستیی گۆڤارەكە نووسیویانە و پاش وەستانی، لێكەوتوون. بەسەركردنەوەی ژیاننامەی ئەوانەیان كە ناسراونەتەوە، گەواهی ئەم ڕاستییەیە.

*** ڕۆڵی مامۆستا برایم ئەحمەد لە ڕۆژنامەنوسی كوردیدا چی بوو، ئایا ژیانی سیاسی ڕێگربووە لەوەی نەتوارێ مامۆستا برایم تواناكانی زیاتر لەم بوارەدا دەركەوێت؟**

- دیارە ئەو ساڵانە برایم ئەحمەد هەموو توانایی و وزەی خۆی تەرخانكردبوو بۆ گەلاوێژ، وەك پرۆژەیەكی دەستەجەمعیی ڕۆشنبیری و نیشتمانی، تەنانەت ئامادەبووە واز لە وەزیفەی دادوەری كە ئەو ڕۆژانە پلەیەكی بەرزبووە بهێنێ، لەپێناوی بەردەوامی و مانەوەی گۆڤارەكەدا. ئەو زاتە، هیچ چالاكییەكی لە بواری ڕۆشنبیریدا نەبێ، ئەوەی بەسە كە خاوەندی گەلاوێژە، وەك یەكێك لە گرنگترین گۆڤارەكانی نەك كوردستان، بەڵكو ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. بێگومانم كە دەرچوونی گەلاوێژ بەم هەمەڕەنگی و فرەبابەتییە، كاری سەرەكیی برایم ئەحمەدە، كە ویستوویە ئارەزووی هەموو خوێندەوارێكی كورد بەدیبێنێ و زۆرترین ژمارەیان لە دەوری خۆی كۆبكاتەوە.

*** ئەگەر بمانەوێت ناوی مامۆستا (برایم ئەحمەد) لەناو دونیای ڕۆژنامەنوسی كوردیدا بهێنین، دەكرێت لە كوێدا بیهێنین؟**

- برایم ئەحمەد، ناوێكی دیاری دنیای ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیی كوردییە، جگە لە دیاریی لاوان، یادگاری لاوان، گەلاوێژ، بەشداریی تاسەری لە ڕۆژنامەوانیی نهێنیی پارتی دیموكراتی كوردستان ‹ڕزگاری›، پاشتر لە ڕۆژنامەی ئاشكرای ‹خەبات› و ‹كوردستان› و دواجاریش لە ‹چریكەی كوردستان›دا، بەرچاوە و ئەم كارانەی شەرەفی ئەوەی پێدەبەخشن، بە یەكێك لە ڕۆژنامەنووسە گەورەكانی كورد لەقەڵەمبدرێ. چالاكییەكانی دیكەیشی لە بواری ئەدەبدا، بە شیعر و چیرۆك و ڕۆمانەوە، دەیخەنە خانەی یەكێك لە ئەدیبە دیارەكانی كورد.



برایم ئەحمەد